سەرۆک وەزیران پێشوازی لە شاندێکی یەکێتی بانکە عەرەبییەکان دەکات

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سەشەممە پێشوازی کرد لە شاندێکی یەکێتی بانکە عەرەبییەکان بە سەرۆکایەتی سکرتێری گشتی یەکێتی بانکە عەرەبییەکان بەڕێز وسام حەسەن فەتوح. نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە لە سەرەتای دیدارەکەدا سودانی پێشوازی کرد لە بەستنی کۆنفرانسی بانکە عەرەبییەکان لە بەغدا و خۆشحالی عێراق دەربڕی بە میواندارییکردنی کۆنفرانسە عەرەبییەکان کە جێخت لەگەڵ ئانوەی عێراق دەکاتەوە بە وەرگرتنی پێگەی سروشتی خۆی لە ناوچەکە و جیهاندا.

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران جێختی لەوە کردەوە پرسی چاکسازی دارایی و ئابووری کە حکومەت گرتوویەتییەبەر ئینجام نادرێت بەبێ سیستەمێکی بانکی تەکمەی هاوئاهەنگ لەگەڵ جیهاندا، ئاماژەشی بەوەدا کە حکومەت لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونییەوە ئەم بابەتی خستووەتە چوارچێوەی کارکانیەوە تایبەت بە گەشەپێدان و چاکسازی و بانکەکانی عێراق ئەمە لەسەر ڕێچکەیەکی ڕاستدان لە مامەڵەکانیاندا سەبارەت بە گواستنەوەی دارایی، هەروەها هەماهەنگی سیاسەتی دارایی و نەختینەیی لەگەڵ بانکی ناوەندی بەردەوامە، لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی بانکەکە دەپارێزێت.

سەرەک وەزیران ئاماژەی بەوەدا، سیاسەتی هەونکردنەوە کە لەلایەن حکومەتەوە پەسەندکراوە یارمەتیدەر بووە بە دەستنیشانکردنی خاڵەکانی ناهاوسەنگی لە سیستەمی بانکیدا و کاری کردووە بە چاککردنەوەیان و ئاماژەی بەوەشکرد کە پەژەی ڕەگای گەشەپەدان یەکەکە لە لایەنەکانی یەکخستنی ئابووری لە ناوچەکەدا، بەڵام زیان پەشوازی کرد لە ئەنجامدانی وەرکشەپەکی بانکی بە گفتوگۆکردن لەسەر ڕەگای بانکەکان لە پەژەکەدا و دروستکردنی شارە پیشەسازییەکان لەسەر ڕەگاکە.

لە لای خۆیەوە، شاندی یەکەتی بانکەکان ستایشی هەنگاوەکانی حکومەتیان کرد لە چاکسازیکردنی کەرتی بانکیدا، چونکە ڕەوشەنەکان هەوونن بە ئامانجی بەهێزکردن و بتەوکردنی کارەکانی ئەم کەرتە، هەروەها شاندەکە پەزانینی خۆیان بە هەنگاوەکانی حکومەت دەربڕی بە پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت و باشترکردنی ڕەگای لە گەشەپەدانی بەردەوام و هاوبەشییە نەودەوەتی و هەرەمییەکان.